

# فیکتۆر هۆگۆ... موتەنەبی فەرەنسییەکانە

**وەرگێڕانی: هەورامان وریا قانع**

وەك چۆن "موتەنەبی" لای عەرەب جێگای فەخرو شانازییە، ئاواش "فیکتۆر هۆگۆ" جێگای فەخرو شانازی فەرەنسییەکانە. هەردووکیان بەشێوەیەك لە بواری شیعردا باڵادەستبوون، پێشتر لەمێژووودا وێنەیان نەبووە. هەردووکیان توانستە ڕەوانبێژییەکانی زمانیان گەیاندە دوا ترۆپكو تاکو دوا تنۆك بەکاریانهێناوە. ئەو دەنگە گەورەیەی "فیکتۆر هۆگۆ" کە لە شیعری فەرەنسیدا هەیەتی، بەرامبەرەکەی لەلای ئێمە، لە زمانمانو مێژوومانو شیعرماندا، تەنها "موتەنەبی" بەو ئاستە گەشتووە. ئێمە، ئەوانەمان لە پایتەختی فەرەنسا نیشتەجێین، پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر، بەشێوەیەکی کتوپڕ بینیمان وێنەکانی "فیکتۆر هۆگۆ" لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامە گەورەکاندا دەردەکەوێ.

"فیکتۆر هۆگۆ" ساڵی 1802 لە شاری (بیزانسۆن) لەدایکبووە، ساڵی 1885 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی، مەراسیمێکی جەماوەریو ڕەسمیی هێجگار گەورە بوو کە تەنها سەرۆك، یاخود پاشاکان مەراسیمی لەو شێوەیەیان بۆ ڕێکدەخرێت. چەندین کتێب لەسەر "فیکتۆر هۆگۆ" نووسراوەو تێیدا بەسەرهاتی ژیانیو شەرە فیکرییەکانی دەگێڕنەوە. یەکێك لەو کتێبانە کتێبێکی گەورەی دوو بەرگە، نووسەرەکەی ناوی "ماکس گابۆ"یە، ئەم نووسەرە پێشتر وەزیر

بووەو خاوەنی ئەو كتێبە ناسراوانەیە لەسەر "ناپلیۆن"و "دیگۆڵ" نووسیویەتی. گۆڤاری (مێژووو) كە گۆڤارێكی مانگانەیەو لە فەرەنسا دەردەچێت، لە دوا ژمارەیدا كە تایبەت بوو بە "فیكتۆر هۆگۆ" دەڵێ: شیعرەكانی لە یادەوەریماندا هەڵكۆڵراوەو كەسێتییەكانی ناو ڕۆمانەكانی لە كەسێتییە ڕاستەقینەكان بەناوبانگترن.. ئەو بەتەنها نەتەوەیەك بوو. هەموو ئەو شەڕە ئەدەبیو سیاسیانەی كە سەدەی نۆزدەهەم لە سەرەتاوە تاكو كۆتاییەكەی بەخۆیەوە بینی، تاڕادەیەكی زۆر هەر هەمووی لە میانەی "فیكتۆر هۆگۆ"وە تێپەڕین، یاخود ئەو تەوەرێكی سەرەكی بووە تێیدا. "فیكتۆر هۆگۆ" بە تەنها شاعیر نەبوو، بەڵكو ڕۆماننووسو شانۆنووسێكی پلە یەك بوو. ئەمەش لە جیهانی ئەدەبدا شتێكی دەگمەنە. هێندە بەسە بۆ چركەیەك بیر لە ڕۆمانی (بێنەوایان) بكەینەوە كە بۆ هەموو زمانە جیاوازەكانی جیهان وەرگێڕدراوەو زیاد لەجارێكیش كراوە بە فیلمو تاكو ئێستاش هەر دەكرێت بە فیلم. هەروەها تێكۆشەرێكی سیاسی سەرسەخت بووەو بڕوایەكی تەواوی بە سەروەری میللەتو فیكرەی پێشكەوتن بووە. لەم پێناوەشدا باجی زۆر گەورەی داوە، ئەویش ئەو كاتە بوو دیكتاتۆر"ناپلیۆنی سێیەم" بۆ چەندین ساڵ دووریخستەوە. وەلێ دوای ئەوەی لە مەنفا گەڕایەوە بۆ پاریس، وەك پاڵەوانێكی سەركەوتوو پێشوازییان لێكرد. "فیكتۆر هۆگۆ" دەیزانی بەدەستهێنانی ئازادی باجی هەیەو ئازادی هەروا لە خۆڕایی نادرێ بەكەس، بۆیە لەپێناو مەسەلەی دابینكردنی ئازادی بۆ خۆیو بۆ میللەتەكەیو بەشێوەیەكی گشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی تێدەكۆشا. لەم بوارەشدا بووەتە سمبولێك وەك نموونە باسی لێوەبكرێو شوێنپێی هەڵبگیرێ.

پرۆفیسۆر "جیرار جەنجمبۆ" مامۆستای زانكۆی (كان) لە فەرەنسا دەڵێ: "فیكتۆر هۆگۆ" دەیویست ببێت بە ڕێبەری ئەو مرۆڤانەی بەرەو پێشكەوتنو ڕووناكیو ئازادی هەنگاویان دەنا. "فیكتۆر هۆگۆ" زیاد لە 12 هەزار لاپەڕەی هەمەجۆری لە بوارەكانی شیعر، شانۆنامە، ڕۆمان، سیاسەتدا نووسیوە. هەر لەسەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە دەیگوت: (یان دەبم بە شاتوبریان یاخود هەرگیز نابم بە هیچ!). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هیواو ئاواتی چەند گەورەبووەو چەند شانازیشی بەخۆیەوە كردووە. "فیكتۆر هۆگۆ" بووە شاتوبریانو لەویشی تێپەڕاند. "شاتوبریان" لەسەردەمی لاویەتی "فیكتۆر هۆگۆ"دا گەورەترین نووسەری فەرەنسا بووە، لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەم ناوی "شاتوبریان" هەموو شوێنێكی دنیای گرتبووەوەو خەڵكی سەرقاڵ كردبوو. دواتر "فیكتۆر هۆگۆ" دێت بۆ ئەوەی شوێنی ئەو بگرێتەوە، یاخود بۆ ئەوەی لەدوای ئەو عەرشی ئەدەبی فەرەنسا وەربگرێت.

"فیكتۆر هۆگۆ" لە تەمەنی گەنجیدا زۆر بەچڕی خوێندویەتییەوە، لە تەمەنی كامڵبوونیو پیریشیدا نووسەرێكی پڕ بەرهەم بووە. زۆربەیجار لەكاتی بەیانیاندا دەینووسی، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 1858 پشتی تووشی نەخۆشی دەبێ، ئیتر هەموو بەرهەمەكانی بە پێوە نووسیوە: (فیكتۆر هۆگۆ ناتوانێ بەبێ نووسین بژی). نووسین چووەتە ناو خوێنو دەمارەكانییەوە، بەڵام ئەو وەك "بۆدلێر"یان"ڕامبۆ" شاعیرێكی بێزراو، یاخود نەفرەتلێكراو نەبووە، بەڵكو شاعیرێك بووە شیعرەكانی لەسەر زمانو دەمی هەموو مرۆڤێك دەوترایەوە. "فیكتۆر هۆگۆ" گەرچی دوورخرابووەوەو لە مەنفادا دەژیا، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندێك نەبووە لە قوللە بەرزەكاندا دانیشتبێتو ڕقو قێزی لە بەهاكانی ژیانی بۆرجوازیەتو جیهانی مۆدیرێن بێت، وەك ئەوەی "بۆدلێر" جێبەجێی دەكرد. ڕاستە دواجار "بۆدلێر" لەبواری شیعردا سەركەوت بەسەریدا، بەڵام "فیكتۆر هۆگۆ" لە بواری فیكرو بواری مرۆڤدۆستیدا سەركەوتنی بەدەستهێناو سەدەكانی ئایندە ڕاستیو دروستی پێشبینیو تێكۆشانەكانی "فیكتۆر هۆگۆ"یان تا ئاستێكی زۆر سەلماند. ئێمە مەبەستمان لەمە ئەوە نییە "فیكتۆر هۆگۆ" لە بواری شیعردا كۆتایی پێهاتووە، ئەو تاكو ئێستاش وەك شاعیرێكی گەورەی ناو مێژووی فەرەنسا تەماشادەكرێ. وەلێ تازەگەری شیعریی دوای ئەوەی وەرچەرخانێكی دیكەی بەخۆیەوە بینی، شیعری "فیكتۆر هۆگۆ"ی تێپەڕاند. بەم مانایە ئەو گەورەترین شاعیری فەرەنسی سەردەمی ڕۆمانتیكییە، سەردەمی پێش تازەگەری. "ڕامبۆ" دانی بەوەدا ناوە "فیكتۆر هۆگۆ" لە هەندێ لە شیعرەكانیدا فۆرمێكی ماتەمینی لەخۆگرتووە، ماتەمینییەك لە ئاستێكی زۆر بەرزدا، بەڵام "ڕامبۆ" سەركردایەتی شیعری بەخشییە "بۆدلێر".

"فیكتۆر هۆگۆ" لەسەرەتادا كەسێكی كۆنزەرڤاتیف بووەو لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی كۆن بووە، ئەو ڕژێمەی لە ساڵی 1789 شۆڕشی فەرەنسی لەناویبرد. كەچی دواتر دەبێتە یەكێك لە گەورەترین بەرگریكاران لە ڕژێمی كۆماریو بەهاكانی تازەگەری. ئیدی ئەو كۆنزەرڤاتیفانەی تاكو دوێنێ هاوڕێی بوون، پشتی تێدەكەنو لە دژی هەڵدەگەڕێنەوە. بەڵام "فیكتۆر هۆگۆ" متمانەی میللەتی بەدەستهێناو لەدەوری كۆبونەوە، تاوایلێهات بووە پاڵەوانێكی نەتەوەیی. ئەوە "فیكتۆر هۆگۆ" بوو پەیامە گەورەكەی

ئەدەبی دەستنیشانکرد، بەوەی ئەدەب ئامرازێکە بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی مەعریفە، کەرەستەیەکە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێ داهێنانی باشو بەسوود لە ڕێگەی فۆرمە ئیستاتیکییەکانەوە. هەروەها ئەوە "فیکتۆر هۆگۆ"بوو وایکرد، هونەرمەند ببێت بە پێشەنگی سەدە تازەکان، هەر لەسەر دەستی ئەمو لە ساڵی 1830 کە تەمەنی تەنها 28 ساڵ بوو، قوتابخانەی ڕۆمانتیکی سەرکەوت بەسەر قوتابخانەی کلاسیکیدا. ئەو سەرکەوتنەش وەختێ بەدەستهات کە "فیکتۆر هۆگۆ" لە هۆڵەکانی نمایشکردنی شانۆ لە پاریس، جەنگێکی گەورەی لەسەر ئەو شانۆنامەیەی بەرپاکرد کە ناوی (هێرنانی)بوو، "فیکتۆر هۆگۆ" لەم شانۆنامەیەدا دەستبەرداری ڕێسا کلاسیکییەکانی نووسینی دەقی شانۆیی ببوو، لەنووسینی ئەو شانۆنامەیەدا ڕێساکانی ڕۆمانتیکی پیادەکردبوو. لەو جەنگەدا کۆمەڵێ گەنجی خوێنگەرم لەگەڵی بەشدابوون کە دواتر دەبنە سیمبولێکی نەمر بۆ ئەدەبی فەرەنسا. لەوانە جگە لە خودی "فیکتۆر هۆگۆ"، "تیرفێل گۆتییە" هاوڕێو مامۆستای "بۆدلێر"، "بلزاك"، "جیرار دۆنیوفاڵ"، بێگومان کۆمەڵێ ناوی دیکەی تریش هەیە کە ناوبانگیان لەوان کەمترە. ئەو جەنگە بە تەنها جەنگێکی ئەدەبی یان ئیستاتیکی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتو فیکریش هەبوو. بەم شێوەیە "فیکتۆر هۆگۆ" لەسەرەتادا وەك نووسەرێکی شانۆ دەرکەوت، بەڵام شیعرەکانی لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەی زیاتر بۆ نەوەکانی داهاتوو ماوەتەوە. لە یادەوەری نیشتیمانی فەرەنسیدا، شیعرەکانی "فیکتۆر هۆگۆ"یاخود هەندێ لە دێرە شیعرەکانی لە شیعری شاعیرەکانی دیکە زیاتر جێگیربووەو ماوەتەوە. تەنانەت لە "ڕامبۆ"و لە "بۆدلێر" زیاتر. "فیکتۆر هۆگۆ" لە ئیقاعو لە ڕیتمدا بلیمەت بوو. بەشێوەیەك کۆنترۆڵی بەسەر هونەری دانانی شیعری کلاسیکیدا گرتبوو کە لەو بوارەدا هاوتای نییە. بەڕاستی ئەو "موتەنەبی" فەرەنسییەکانە.

"فیکتۆر هۆگۆ" لە کتێبەکەیدا (ئەفسانەی سەدەکان) سەبارەت بە شاعیر دەنووسێ: (شاعیر کورتکردنەوەی هەموو جیهانە لە کەسێکدا!) بەم شێوەیە دەبینین شاعیر لای "فیکتۆر هۆگۆ" تەنها کەسێکی گۆرانیبێژ یان ڕێخەری شیعر نەبووە، بەڵکو شاعیر لەسەر ڕێگای پێشکەوتنو شارستانییەت چرایەکی ڕۆشنە بۆ مرۆڤایەتی. شاعیر لە ژیاندا پەیامێکی هەیە، لەوە تێدەپەڕێ کە تەنها کۆمەڵێ دیوانی شیعر یەك لەدوای یەك بڵاوبکاتەوەو لە ناوەندی ئەدەبیدا هەندێ ناوبانگ پەیدابکات، بایەخی شاعیر بەلای "فیکتۆر هۆگۆ"وە، هیچی لە بایەخی زانا یاخود فەیلەسوف کەمترنییە. لە ڕاستیدا "فیکتۆر هۆگۆ"پێش "ڕامبۆ"وتویەتی شاعیر کەسێکە پێش ئەوانی دیکە شتەکان دەبینێو ڕێگاکانیان بۆ دەکاتەوە. شاعیر قووڵایی ئادەمیزادو گەردوون ئاشکرادەکاتو بیرکردنەوەو تێڕوانینە تازەکەی پێشکەش بە سەردەمەکەی دەکات. شاعیر ڕۆڵێکی شارستانیانە دەبینێ، بەو مانایەی یارمەتی میللەت دەدات بچنە ناو شارستانییەتەوە، بگەنە ئاستی شارستانییەتو لە نەزانینو دواکەوتوییو دڕندایەتیو کۆنەپەرستی ڕزگاریان ببێت، شاعیر بەناوی میللەتو لە پێناو میللەتدا، ئەدەبێکی دیموکراسی دەنووسێ، شاعیر وتەبێژی ڕەسمی میللەتە، شاعیر جیهان تازەدەکاتەوەو شتەکان دەگۆڕێ. بەلای "فیکتۆر هۆگۆ"وە ئائەوەیە شاعیر.

"فیکتۆر هۆگۆ" ساڵی 1851 پێدەنێتە قۆناغێکی تازە لە ژیانیدا کە بریتییە لە قۆناغی تاراوگە، ئەم قۆناغە نزیکەی 20 ساڵی خایاندووە. دوای ئەوەی "ناپلیۆنی سێیەم" هەستا بە ئەنجامدانی کودەتایەکی دیکتاتۆریو ڕژێمی ئیمپراتۆریەتی ڕاگەیاند، سەرەتا "فیکتۆر هۆگۆ" دوورخرایەوە بۆ بەلجیکا، پاشان دوورخرایەوە بۆ دوورگەکانی بەریتانیا لەسەر زەریای ئەتڵەسی. ئەزموونی تاراوگە بۆ "فیکتۆر هۆگۆ" ئەزموونێکی سەختو دژواربووە، بەڵام لەلایەنی ئەدەبیو شیعرییەوە سوودێکی زۆری لێبینیوە. تاراوگە "فیکتۆر هۆگۆ"ی بە تەواوی گۆڕی، چیتر "فیکتۆر هۆگۆ"ی پێش تاراوگە لە "فیکتۆر هۆگۆ" دوای تاراوگە نەدەچوو. ڕۆڵێکی تازەی بینی، ڕۆڵی نووسەرێکی یاخی لە ڕژێمی سیاسی کە ئازادییەکانی لە فەرەنسادا ئافەرۆز کردبوو. ئیدی لەو مێژووەوە تادەهات ئەفسانەی "فیکتۆر هۆگۆ" وردە وردە گەورەتر دەبوو.

لە تاراوگە گۆڕانێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی گەورە بەسەر "فیکتۆر هۆگۆ"دا هات، لە کەسێکی ڕاسترەوەوە گۆڕا بۆ کەسێکی چەپڕەو، هەستی بە ئێشو ئازاری کرێکارانو میللەتی هەژارو نەدار دەکرد کە نەبوونی تێکوپێکی شکاندبوون. لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (بێنەوایان) گوزارشتی لەو حاڵەتە کردبوو، ئەوە ناودارترین ڕۆمانە لە ئەدەبی فەرەنسیدا. بەم شێوەیە "فیکتۆر هۆگۆ" توانی نەك تەنها لە بواری شیعردا، بەڵکو توانی لە بواری ڕۆمانیشدا ببێتە داهێنەرێکی بلیمەت. وەك وتمان لە مێژووی ئەدەبدا ئەمە شتێکی دەگمەنە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانی تەنها لە یەك ژانری ئەدەبیدا کاربکەیتو سەرکەوتووبیت، ناتوانی بپەڕیتەوە بۆ ژانرەکانی دیکە. من لەوەدا نمونەی دیکە وەك "فیکتۆر هۆگۆ" نادۆزمەوە، تەنها "ڤۆڵتێر" نەبێت لە سەدەی هەژدەهەمداو "سارتەر"

لە سەدەی بیستەمدا. "ڤۆڵتێر" لەیەککاتدا فەیلەسوفو ڕۆماننووسو شانۆنامەنووس بووە، هەروەها "سارتەر"یش وابووە، بگرە "سارتەر" ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی گەورەش بووە. ئەم کەسایەتیانە کە بلیمەتیو توانای جۆراو جۆریان هەیە، لە مێژوودا نموونەیان دەگمەنو زۆر کەمە.

ڕۆمانی (بێنەوایان) دواهەمین ڕۆمانی مەزنی فەرەنسییە کە لە سەردەمی پێش هاتنی پیشەسازی نووسراوە، ئەم ڕۆمانە قەبارەی ئەو نەهامەتیو هەژارییە دەردەخات کە توێژێکی گەورەو بەرفراوانی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی فەرەنسای گرتبووەوە. ئەم ڕۆمانە زادەی کۆمەڵگایەکە کە هێشتا کۆمەڵگایەکی لادێیانە یاخود لە زۆربەیدا کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لە دەرکەوتنی سەرەتاکانی چینی کرێکار دەکات لە کارگەو کانەکانداو قەبارەی ئەو چەوساندنەوەیە پیشاندەدا کە ڕووبەڕووی ئەو کرێکارانە بووەتەوە. وەلێ ڕۆمانەکە تەنها هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو هەندێ ناوەندی دیکەی پاریسو هەرێمەکانی ترمان بۆ وێنەدەکات، وەك ناوەندی دێرەکانی مەسیحیو سالۆنە ئەرستۆکراتییەکانو ژینگە بۆرجوازیەکانو خوێندکارانو خەڵکانی سادەو ساکار... هتد. بەکورتییەکەی ئێمە لەم ڕۆمانەدا ئاوێنەیەکی کۆمەڵگای فەرەنسای ئەو سەردەمە دەبینین بە هەموو دەوڵەمەندیو پیتو بەرەکەتییەوە.

ئێستا ئەم پرسیارە دەخەینەڕوو: ئایا "فیکتۆر هۆگۆ" گەورەترین نووسەری فەرەنسای سەدەی نۆزدەهەمە؟ ئایا گەورەترین شاعیری فەرەنسی هەموو سەدەکانە؟ سەبارەت بەم پرسیارە "ئەندرێ جید" ئاوا وەڵامدەداتەوەو دەڵێ: (بەڵێ، زۆربەداخەوە!)، هەرچی "ئەمیل زۆلا"یە ئاوا پێناخۆشبوونو نارەزایی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە "فیکتۆر هۆگۆ" جەماوەرێکی هێجگار زۆری هەیەو دەڵێ: (وەك گەورەترین شاعیرو گەورەترین ڕۆماننووسو گەورەترین ڕەخنەگرو گەورەترین فەیلەسوفو گەورەترین مێژوونووسو گەورەترین سیاسی دایدەنێن!.. ئەی کەواتە چی ماوەتەوە بۆ ئەوانی دیکە؟).

باشە ئاخۆ "فیکتۆر هۆگۆ" هیچ ناتەواویو کەموکوڕییەکی نەبوو؟ ئایا ئەو کەسێکی تەواو کامڵ بووە، ئێمە دەزانین کامڵی تەنها بۆ خودایە. لە واقیعدا هەندێ کەس "فیکتۆر هۆگۆ" بەوە تۆمەتباردەکەن گەرچی سەروەتو سامانێکی زۆری هەبووە، کەچی تابڵێی ڕەزیل بووە، پێویستە ئەوە بزانین "فیکتۆر هۆگۆ" یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی کە بەشێوەیەکی زۆرباش لەسەر دەستکەوتی کتێبەکانی ژیاوە. لەو سەردەمەدا نووسەر نەیدەتوانی لەسەر قەڵەمەکەی بژی، مەگەر زۆر بە دەگمەن نەبێت. لەساڵی 1848و دوای 26 ساڵ لە کاری نووسین، سەروەتو سامانی "فیکتۆر هۆگۆ" زیاد لە 8 ملیۆن فرەنکی فەرەنسی بووە کە بە نرخی ئێستا دەکاتە زیاد لە یەك ملیۆن دۆلار. ئەوەش بڕە پارەیەکی زۆرەو هیچ نووسەرێ لە سەردەمەکەی ئەودا بەدەستینەهێناوە، گەرچی پلەوپایەیەکی بەرزیشی هەبووبێت. ئێمە بۆیە ئەوە دڵێین، چونکە "فیکتۆر هۆگۆ" بەتایبەتی نووسەرێکی شۆڕشگێڕی یاخی بووە، نەك نووسەرێکی دەستەمۆکراوی نزیك لە دەسەڵات!. تەنها لە ڕۆمانی (بێنەوایان) بەم نرخەی ئێستا، نزیکەی یەك ملیۆن فرەنکی فەرەنسی دەستکەوتووە. ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە. لە کاتێکدا "بۆدلێر" لەبەر برسیەتی دەینالاندو هیچ دەزگایەکیشی دەستنەدەکەوت بەرهەمەکانی بۆ بڵاوبکاتەوە، گەر دەستیشی بکەوتایە، ئەوا تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەمی لێدەفرۆشراو لە چەند (10) دانەیەك تێپەڕی نەدەکرد، کەچی "فیکتۆر هۆگۆ" لە ماوەیەکی کەمدا سەدان هەزاری لە کتێبەکانی دەفرۆشت. ڕۆمانی (بێنەوایان) تەنها لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لەبازاڕدا نەما. کاتێ "فیکتۆر هۆگۆ" کۆچی دوایی دەکات، سەروەتو سامانەکەی بە نزیکەی 21 ملیۆن یۆرۆ خەمڵێنراوە، واتە نزیکەی 30 ملیۆن دۆلار. کێ باوەڕ بەوەدەکات؟ گەر "فیکتۆر هۆگۆ" لەسەدەی بیستەمدا بژیایە، ڕەنگە سەروەتو سامانەی بگەیشتایەتە یەك ملیار فرەنك یاخود زیاتر.

بەڵێ "فیکتۆر هۆگۆ" دەوڵەمەند بوو، بەڵام تەنها بە هۆی قەڵەمەکەیەوە دەوڵەمەندبوو. "فیکتۆر هۆگۆ" لەهەمووو ڕوویەکەوە نەمریی بەدەستهێناوە. ئەو بووەتە ئەندام پەرلەمانو ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی بووە، سیاسییەکی مەترسیدار بووە، لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا بووەتە ناودارترین کەسێتی فەرەنسا، تەنانەت سەرۆك کۆمار هێندەی ئەو گرنگ نەبووە. کێ ناوی سەرۆك وەزیرانی سەردەمی "فیکتۆر هۆگۆ" دەزانێ؟ (سەرۆك وەزیرانی ئەوکات ناوی جۆل گریفی بووە). کاتێ "فیکتۆر هۆگۆ" دەمرێ، یەك ملیۆن لە دانیشتوانی پاریس بەدوای تەرمەکەیەوە بوون، پرسەی نەتەوایەتی ڕاگەیەنراو ئاڵاکان هێنرانە خوارەوەو گەورەو بچووك سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ دانەواند، دوای بیستنی هەواڵی کۆچکردنەکەی، گەر بۆ ساتێکیش بێت، دڵی فەرەنسا لە لێدان کەوت. ئەم نەمرییە نە پێش ئەوو نە دوای ئەو هیچ کەسێك پێینەگەیشتووە، بێگومان تەنها "ڤۆڵتێر" نەبێت.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ژمارە 10578، بەرواری 2007/11/14.